

## كۆری بەڕێز /وەزیری ناوخۆ – كەریم شەنگالی
## بەنــاوی یــەزدانی مــەزن

**ئامادەبوانی بەڕێز ئێوارەتان باش ...**

سـلاّوی گـەرمتان لیّ بـیّو هیـوادارم لـەم ئێـواره كـۆڕەدا هـەموومان بەیەكـەوە سـوود وەربگرین . وە لێرەدا بەدەرفەتی دەزانم زۆر سوپاسی بنكەی رۆشنبیری كاوە بكەم كە ئەو هەڵەی بـۆ رەخسـاندین بتـوانین كورتـە باسـێك پـێش كـەش بكـەین لەسـەر(ئەمنییـەت)و ئاسایش لەهەرێمەكەماندا هیوادارین سوود بەخش بێت .

***پێشــــــــەكی***

ئەگـەر ئاوڕێـك لەمێـژووی كـۆنی مرۆڤایـەتی بدەینـەوە ، دەبیـنین هـەر لەسـەرەتایی پەیـدابونی كۆمـەڵگا كۆنـەكانی مرۆڤایـەتی لەسـەر ئـەم بوونـەوەرەدا ، جۆرێـك لـە خـۆ رێكخسـتن و بـەڕێوەبردنیان پێـوە دیـاربوو, ئـەویش لـەژێر گـەلیّ نـاوو نیشـانی جیاجیـا بەمەبەستی ڕێكخستنی دەسـەڵات و بـەڕێوەبردنی ئـیش و كارەكانیـان لـەناو ئـەو كۆمـەڵگا سەرەتاییانەدا بۆ ڕاگرتن و پاراستنی هێمنی و ئاسایشی ئەو كۆمەڵگە بچووكانە , وە گـەلیّ تیۆری جیاجیا هەیە كە هەریـەك لـەو تیۆرانـە بەشـێوەیەك ژیـان و رێكخسـتنی كۆمەڵگـە سـەرتاییەكانی مرۆڤایـەتی شـی دەكەنـەوە ، كـەمرۆڤ چـۆن توانیویـەتی كـۆنترۆڵی كێشـەو تەنگـژەكانی بكـات و هێمنـی و ئاسایشـی خـۆی و دەروبەرەكـەی بپـارێزیّ و دەسـەڵاتەكان دابەش بكەن لەنێوخۆیاندا.

وەلەئەنجامی دوبارە بونەوەی ئەو كرداره ژیان بەره بـەره جورێـك لـەهێمنیو ئاسایشـی بـەخۆوە بینـیو سیسـتەمی ئەمنیـەت لـەناو كۆمەڵگـەكان سـەری هەڵداو قۆنـاغی(یاسـایی جەنگەلی – شريعه الغابه) بەرەبەرە بەسەرچوو سیستەمێكی نوێ هاتە كایەوە كەپیّی یان دەوت دەوڵەت .

ووشەی دەوڵەت لەبنەڕەتدا ووشەیەکی لاتینی یە(statys)واتە (سەقامگیری)وەفەیلەسوف و زاناکان دەڵێن لێپرسراویەتی مرۆڤە خاوەن دەسەڵاتەکان و شکۆدارەکان بەپلەی یەکەم دێت لەناو ئەو کۆمەڵگە نوێیە, چونکە ئەوان کاری بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵ لەئەستۆ دەگرن, واتە راگرتنی هێمنیو سەقامگیر بوونی ئەمنییەت و ئاسایش بەستراوە بەداد پەروەری ئەو کاربەدەستانە، وە ئەگەر دادپەروەری هەبوو لەئیش و کارەکانیان ئەوا هێمنیو ئاسایش لەناو خەڵك بەرقراردەبێت, ئەوەش پێویستیەکی سەرەکی و خاڵی یەکەمی ئەرکی ئەوانە , چونکە مەبەست لە بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤ بەستراوە بەبوونی هێمنیو ئاسایش و ئەمنیەتی ئەو مرۆڤە چ وەك تاك یان وەك کۆمەڵ , وە هەر لەڕێگای ئەو هێمنیو ئاسایش و سەقامگیریە ژیان بەرەو پێش هەنگاو دەنێت لە هەموو بوارەکاندا,

بەڕێزان دوای ئەو سەرەتایە دەمانەوێ ئاشناتان بکەین بەناوەڕۆکی بابەتی ئەمڕۆمان لەسەر(ئەمنییەت و ڕاگرتنی هێمنیو ئاسایش لەکوردستان)بۆ ئەم مەبەستەش بەپەسندمان زانی کرۆکی بابەتەکە بۆ سێ بەش دابەش بکەین,

<u>بەشی یەکەم :</u> ئەمنییەت چی دەگەیەنێ و چۆن دەپارێزرێت ,

<u>بەشی دووەم :</u> ئەمنییەت لەهەرێمی کوردستان چەند پارێزراوە .

<u>بەشی سێ یەم :</u> هەنگاوەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەپاراستنی هێمنی و ئاسایشی کۆمەڵ ,

**بەشی یەکەم :- ئەمنیەت چی دەگەیەنێ چۆن دەپارێزرێت ؟**

بەڕێزان :-

ئەگەر هەریەکێك بیەوێت باس لە ئەمنیەتی وولاَت و خاك و نەتەوەو پاراستنی سیستەمی دەسەلاَتەکەی بکات ئەوە دەبێ وەك بابەتێکی تیۆری پشت ببەستێت بە هەندێ بنەماو بنچینەی گشتی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیانە هەڵس و کەوت لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات و بۆ چوون و هەنگاوەکانی کە مەبەستیەتی تێیدا شی بکاتەوە .

بەتایبەتی بابەتێکی وەك ئەمنیەت کە زۆر قسەو نووسین و ووتاری لەسەر پێش کەش کراوە بۆیە لێرەدا دەمانەوێ پوختەیەك لەو زاراوە نێو نەتەوەیە گشتیە باس بکەین کە ئەمنیەت چیەو پاشان دێینە سەر بنەماو بنچینەکانی پاراستن و ڕاگرتنی باری ئەمنی لەهەر کۆمەڵگایەك .

1- ئەمنیەت :– بەواتای زۆر لە زانایان تەنها هەندێ کرداری هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و یان هێزی سەربازی نیە لە ڕووداوێکی تایبەت دا بەکار بهێنرێت وەیان کردارێکی سیاسی یان ئابووری یان کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری بێت وەیان تایبەت بێت بە هەندێ بڕیاری هەنووکەیی و بۆ کاتێکی دیاری کراو چارە سەری کێشەیەکی مەوزوعی بکات .

بەڵکو ئەمنیەت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆو هاوکێشەیی هەیە بە کۆمەڵێك کارو چالاکی و هێز, کە تەعبیر لە ناوەڕوك و پێك هاتووی ئەمنی نەتەوەیی هەر گەلێك دەکەن , بۆ خزمەتی بنەما نەگۆڕەکانی ئەمنی نەتەوەیی وەك پاراستنی خاك و, جوگرافیای سیاسی و سروشتی و پێك هاتە مێژوویەکان ئەمەش بەمەبەستی مانەوە و بەدی هێنانی ئامانجە ستراتیژیەکان و بەرەو پێش بردنی هەنگاوە سەرکەوتووەکان . کەواتە ئەمنیەت بریتییە لە تێڕوانینێکی ستراتیژی قووڵ لە هەموو بەرژەوەندیە نەتەوەیەکان وە پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە و بەکارهێنانیان لە خزمەتی جێ بەجێ کردنی بڕیارە راستەقینە نەگۆڕەکان کە لەلایەن کەسانێکی بیر قووڵ و خاوەن ئەزموونی مێژوویی دا دەڕێژرێت و خزمەت بە پاراستن و سەقامگیری خاك و نەتەوە دەکەن لە مانەوەو بە هێز کردنی هەموو تواناکان لە بوارەکانی تیوری و پراکتیکی ژیانی کۆمەڵگەکەدا , لە ڕووی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتووری .... هتد. ئەوانەش هەمووی لە چوار چێوەی سیستەمێکی ڕێکخراو و یاسایی جێ بەجێ دەکرێت کە پێی دەڵێن دەسەلاتی سیاسی یان دەوڵەت .

**کەواتە ووشەی ئەمنیەت بە مانا گشتی‌یەکەی** :- بریتی‌یە لە پارێزگاری کردن لە هەموو بەرژەوەندیەکانی ئەو سنوورە دیاری کراوەی کۆمەڵێك خەڵك تێیدا دەژین لەسەر خاك و جوگرافیایەکی دیاری کراو پێی دەڵێن نەتەوە . وە پاراستنی ئەمنی ئەو نەتەوەیەش لە هەر دەست درێژیەکی دەرەوە بێت یان ناوەوە چ لە ڕووی سیاسی و یان سەربازی یان ئابووری و کۆمەلایەتی یان هەر کردارێکی تێکدەرانە بە شێوەیەك کە کاریگەری لەسەر سەقامگیری ئەو ئەمنیەتە بکات وەیان , زەرەر بە سامانی گشتی نەتەوەیی بگەیەنێت ئەوە بە کردارێکی مەترسیدار دەژمێردرێت لەسەر ئەمنیەتی ئەو کیانە یان دەوڵەتە یان ئەو سنوورە دیاری کراوە. وە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی هەر یەکێك لە تاك و کۆمەڵی نێو کۆمەڵگەکە .

بۆیە پاراستنی باری ئەمنیەت لەهەر کات و ساتێکدا تەنها ئەرکی کەسانێکی دیاری کراو نی‌یە بەڵکو ئەرکی هەموو هاوولاتیەکە کە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە و خەمخۆری پاراستنی ئەمنیەتی وولاتەکەی بێت . ئەگەر هاتوو خۆشی وەك تاك یان لەناو هەر

ڕێکخراوێکدا بوو نابێت بە هیچ شێوەیەك نەمساوەمەی لەسەر بکرێت وە نە بچێتە ناو بەرژەوەندیە تەسکەکان یان بەرژەوەندیە کاتیەکان .

**2- بنەما و بنچینەیەکانی ئەمنییەت :-**

هەر بیرو بۆ چوونێك یان تیورێکی فیکری دیاری کراو لەسەر چەند بنەماو بنچینەیەکی دارێژراو پوخت دەکرێن وە هەنگاوەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو بنەماو بنچینانە وەك ئەزموونێك بەکار دێت. بۆیە بەڕای زۆر لە پسپۆڕو زانایان بنچینە گرنگەکانی ئەمنیەت لەوانەی خوارەوە پێك دێن .

1- پێویستە لێکدانەوەی دەسەلاَت بۆ پاراستنی باری ئەمنی بە شێوەیەکی ڕێژەیی بێت . نەوەك بە شێوەیەکی ڕەهایی بیری لێبکرێتەوە , چونکە لە ژیانی عەمەلی دەرکەوتووە کە هیچ دەوڵەتێك یان سیستەمێکی سیاسی ناتوانێت ڕێژەی 100٪ ئەمنیەتی خۆی بپارێزێت هەمووکات , سەرەڕای ئەوەش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی دەوروبەر هەیە وەلە سیستەمەکانی دەوروبەرو نێو دەوڵەتیش پێویستیان بە هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر هەیە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی یەکتری لە هەموو بوارەکان هەر بۆیەش ئاستی پەیوەندیەکانی نێو دەوڵەتی چەند بەهێز بێت ئەوەندە زیاتر هێمنی و ئاسایش باڵی بەسەر ئەو دەوڵەتانە دەکێشێت وە بە پێچەوانەش نائارامیو کاری تێکدەرانە زیاتر پەرە دەستێنێ.

وە لەلایەکی تر دەبێ بزانین بنەماکانی پاراستنی ئەمنیەت لە کات و ساتێکی نەگۆڕدراو نامێننەوە بەڵکو بەردەوام لە گۆڕانکاریو جوڵە و قۆناغی جیاجیا دەبن بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگەو دەرووبەر بە خۆیەوە دەیبینن , هەر بۆیەش پێویستە بزانین کە جیاوازی هەیە لەو بنەما سەرەکیانەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە چ لە ئاستی بەرژەوەندیە نەگۆڕاوەکان یان لە ئاستی بەرژەوەندیە کاتیەکاندا بێت. هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان ڕادەی بەرزی و نزمی و جێ بەجێ کردن و پراکتیزە کردنی ئەو بەرژەوەندییانە لە کاتێکدا بۆ کاتێکی تر .

2- پێویستە لێکدانەوەی ئەمنیەت لێکدانەوەیەکی نەرم و لەسەر خۆ بێ و فراوانی و بەرچاو ڕوونی و دوور بینی تێدا بەدی بکرێت دوور لە هەر هەستێکی کاتی یان کاریگەریەکی شخصی یان هەڵچوونی تێیدا بێت, یان ببێتە هۆی لێك ترازان و دوور کەوتنەوە لەبەرژەوەندیە گشتیەکانی لەسەری ڕێك کەتوون و دووربێت لە جیاوازی

یـان هـەر تێكـدانێكی چـارەنووس سـاز یـان پـاوان گـیری و دەمـارگیری ناوچـەیی یـان ئایدۆلۆژی یان هەر بیرێكی تر...

هەر بۆیەش پێویستە ئەو جۆرە شیكردنەوەیە لە سیاسەتی هـەر سیستـەمێكی سیاسـی دەسەلاَتداردا دیارو ڕوون و واقیـع بینانـەبن و ئاشـكرا بـن وە لەلایـەن زۆرینـەی خەلكـەوە پەسند كراوبێت ئەگەر جیاوازیش لە ئینتمای سیاسیان بەدی بكرێت .

3- پێویستە سوود لە هەموو تواناكانی سامانی گشتی و ئابووری و سەربازی و كۆمەلاَیەتی ...هتد . وەربگیرێت و یەكبخرێن بۆ بەكار هێنانیان لە پێناو بەرژەوەندیە گشتیەكان لەسەر بنەمای پەرەپێدان و بەكارهێنانی شیاو لە هەموو بوارەكـان بـۆ ئـەوەی هـەموو تواناكان لە خزمـەتی پاراسـتنی ئەمنیـەت وەگـەڕ بخـرێن لـە ڕووی توانـا ماددیـەكان و معنەوییەكانەوە , چونكە هەردوو لا هێزێكی كاریگەرو خۆڕاگر دروست دەكەن ئەگـەر لــە خزمــەت بەرژەوەندیەگشــتیەكان ســەرف بكــرێ , ئــەوا ئەمنیــەتێكی دروســت و سەلامەت و پارێزراو دێتە كایەوە بە هێزێكی پۆلاَیینی یەكگرتوو .

4- بوونی سەركردەیەكی لێهاتوو خاوەن ئەزموون و دوور لە بیركردنەوەی تەسك , بـەرز لە ئاستی لێپرسراویەتی , دلَسۆز لە خزمەت كردنی , بوێر لە كاتی بڕیـاردان , ئـازا لـە روحـی بـەرگری و بـەرەنگار بوونـەوە , هۆشمەنـد لـەكاتی بـیر كردنـەوە لـە ئاسـتی ڕووداوەكان هەلَویستی وەربگرێـت و بەرچاو ڕوونـی لـە هـەنگاوەكانی بـەدی بكرێـت و لێكدانەوەیـەكی واقـع بینانـەی هەبێـت كـە بتوانیـت لـە ئاسـتی ڕووداوەكـان بڕیـاری سەركەوتووانە بدات و هەنگاوو كردارەكانی لە جێ بەجێ كردن تـا ئاسـتێكی بـەرز لـە خزمەتی بەرژەوەندیە گشتیەكان بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر هەموو ڕووداوەكان زالَ بێت و باری ئەمنی سەقامگیری بەدەستیەوە دووچاری نەهامەتی و گۆشە گیری نەبن .

ئەوانە هـەمووی زامنـی سـەركەوتنی ئەمنیـەتن لەهـەر كۆمەلگەیـەك كـە بیـەوێت بـە ئاسوودەیی ژیان بەسەر بەرێت و هەنگاوەكانی لە خزمەتی بەرنامە ستراتیژیەكان بـن كە لە ئەسلَدا بریتین لە خزمەتی ئەمنی هەر گەل و نەتەوەیەك .

**بەشی دووەم :-**

**ئەمنیەت لە هەریمی كوردستان چەند پاریزراوە ؟**

بەڕێزان :- وەك لەسەرەتا ئاماژەمان كرد كە ئەمنیەت بەمانا گشتیـەكەی بریتیـیـە لـە پاراسـتنی هـەردوو سـەنگەری دەرەوە و نـاوەوەی وولاَت لـە هـەر مەترسـیەكی دووچـاری

ببێتەوە . وەلەبەر ئەوەی باسەکەی ئێمە زیاتر پەیوەندی بە پاراستنی باری ئەمنیەتی ناوخۆوە هەیە بۆیە تەنها باسی ئەمنیەت و سەقامگیری ئاسایش دەکەین لە ناوەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق .

بەڕێزان :- ئەگەر خوێندنەوەیەکی خێرایی بکەین لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخ و نوێ لە وولاٌتانی جیهان و دەوروبەر بەتایبەتی , دەبینین هیچ نەتەوەیەك بەقەد نەتەوەی کورد دووچاری لێك ترازان و سەرکوت کردن و پێشێلکاری مافەکانی نەهاتووە . بە تایبەتیش لەو نیو سەدەی رابردووە دوای جەنگی جیهانی دووەم , تاوەکو ئیمڕۆش میللەتی کورد تاکە نەتەوەیە لە جیهان کە بە مافی چارەنووسی خۆی شاد نەبووە و لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش تاکو ئێستا بە چاوێکی مرۆیی مامەڵیان لەگەڵدا کردوین بۆیە تەنانەت بیرکردنەوەش لە چۆنیەتی پارێزگاری کردن لە ئەمنیەتی نەتەوەکەمان جا لە هەر چوار چێوەیەك دابێت , هەنگاوێکی ژیرانەیەو پێویستە بەرەو پێشی ببەین , بەلاٌم بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمنانە و واقع بینانە مامەڵە لەگەڵ دەورو بەرکانمان دابکەین و دەبێ هەنگاوەکانمان لە خزمەتی پاراستنی ئەزموون و خەباتی چەند ساڵەی گەڵ و نەتەوەکانمان بێت .

ڕاپەڕینی بەهاری 1991 وەلاٌمێکی ڕوون و ئاشکرای داگیر کەرو دوژمنەکانمان بوون کە ساڵەهای ساڵە میللەتەکەمان لەژێر ڕکێفی داگیر کردن و زوڵم و ستەم دەینالاٌند و هیچ کاتیك مرۆڤی کورد لەسەر ماڵ و ژیان و کۆمەڵگەکەی دڵنیا نەبووە داخۆ کەی ڕادەپێچرێتەوە ناو زیندان و یان زیندە بەچاڵ کردن و بەتالاٌن بردنی ماڵ و خاك و سامان و هەتا شەرەف و کەرامەتی میللەتەکەمانیش لەبەر دەستی داگیر کەران ستەم و غەدرو زۆرداری لەگەڵ کراوە . جگە لە کۆمەڵ کوژی و کیمیا باران و ئەنفال و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتیمان .

لەئەنجامی ئەو هەموو تاوان و پێشێلکاریانەی مافەکانی مرۆڤ کە بەرامبەر بەتاك و بە کۆمەڵی میللەتەکەمان کراوەو ئەمنیەت و ئاسایش و هێمنی و تەنانەت ژیانی سەرەتایشمان پێ ڕەوا نەبینراوە . بۆیە ئیمڕۆ لە سایەی ئەو هەموو ئازادییە بە کارێکی زۆر پیرۆز و گرنگی دەزانم کە پێویستە هەر هەموومان لە ئاستی مەسەلەی چارەنووس سازەکان یەك بیر و یەك باوەڕ و یەك دەسەلاٌت بین لە کاتی بڕیاردان .

وە دەبێ بزانین گەورەترین دەسکەوت بۆ گەل و میللەتەکەمان لە دوای ڕاپەڕینەوە کە تاکە سەرچاوەی دەسەلاٌت و شەرعیەت بێت پەرلەمانی کوردستانە . ئەو پەرلەمانەی کە هەموو کەس و لایەن و گروپێکی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی و ڕۆشنبیری لە خۆ گرتووە و

نوێنـەری هـەموو چـین و توێـژێکی کۆمەڵگەکـەمانی تێدایـە . وە هـەر ئـەو پەرلەمانـەش بوویتە زامنی و هەوێنی پاراستنی ئەزموونـە دیموکراسیەکەمان و بەرقـەرا بـوونی یاسـاو هێمنی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان .

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر لە سـەرەتای دامەزرانـدنی کابینـەی یەکەمـی‌یـەوە تاکو ئیمڕۆ کابینەی چوارەم دەسڵات و شـەرعیەتی لـەو پەرلەمانـە پێـدراوە و هـەوڵی زۆر داوە بـۆ بـەڕێوەبردنی ژیـانێکی مەدەنیانـەو خزمـەتی زۆری کـردووە لەبـەر قـەرار بـوونی سیستەمی یاساو داد پەرەوەری و ڕاگرتنی باری هێمنـی و ئاسـایش و پاراسـتنی ئـەزموونی دیموکراسی گەلی کوردمان .

گەڵێ جار پیلانـی گـەروە لـە دەرەوەو نـاوە وە داڕشـتراوە بـۆ لـەبار بردنـی پەرلـەمان و حکومەت بە ئەنجام دانی شەڕو ئاژاوە نانەوە و تەنانەت هەندێ جار دوژمنانمـان پـەنایان بردۆتە بەر کاری تیرۆر کاری و تەقاندنەوەو تۆقاندنـی گەل و میللەتمان بە پڕو پاگەنـدەو ئیشـاعاتی ترسـناك . بـەلاّم هێـزی پێشـمەرگە و هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ وەلاّمـی دەمکوتکـەرو ئازایانـە یـان داینـەوە و هەمیشـە و بـەردەوام مانـدوبون و چالاّکی زۆریـان ئـەنجام داوە تـاکو هـەموو هـەوڵ و مەبەسـتە گلاّوەکـانی دوژمنانمـان لـەگۆڕ بنـێن , و تاڕادەیـەکی زۆر بـاش توانیومانـە بـاری هێمنـی و سـەقامگیری هەرێمەکـەمان بپـارێزین لەدەست ئەو هەموو هەولاّنەی بەبەردەوام ویستویانە ئارامی و ئاسایشـی نەتـەوەیمان تێـك بدەن و نەهێڵن ئامانج و ئاواتەکانی خەباتی دەیان ساڵەی نەپساوی بزاڤی ڕزگـاری خـوازی کورد بگاتە هیوا .

هەر بۆیەش دووپاتی دەکەمەوە کە پاراستنی هێمنـی و ئاسایش لەشارو گونـدو هـەموو مـاڵێکی کـورد لـە کوردسـتان تـەنها ئـەرکی ئێمـە نـیە بەتـەنها , بـەڵکو ئـەرکی هـەموو هاووڵاّتیەکی دڵسۆزە , ئەرکی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵە , ئەرکی هەموو ڕێکخـراوە سیاسیەکانی گۆڕەپانی بزاڤی گەل و میللەتەکەمانە , وە پێویستە هـەمووومان بەشـدار بـین لە راگرتنی پاراستنی ئەمنیەت لە هەرێمی کوردستان .

وە پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئیمڕۆ زۆرینەی پەرلەمان و حکومـەت پێـك دێنـێ بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانـێ پارێزگـاری لەدەستکەوتەکانی گـەڵ و میللـەت بکـات . وە ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی ئیمڕۆ لەئارادایە ئەوە بەرهەمی رەنـج و مانـدوبونی خـەباتی لە مێژینەی پارتیمان بووە کە هەر لەسەرەتای دەست پێکردنی شۆرشـی مـەزنی ئـەیلول و تاکو ئیمڕۆش بەرژەوەندییە گشتیەکانی گەل و وولاّتـی لـە پـێش هـەموو شـتێك دانـاوەو ,

هیچ کاتێکیش مساوەمەی لەسەر مەسەلە ستراتیژەکانی نەتەوەکەی نەکردووە لەگەڵ هیچ گروپ و دەوڵەت و لایەك .

وە هیوادارین بتوانین هەوڵی زیاتر بدەین لە پێناو خزمەتکردنی هەرێمەکەمان و پێش کەش کردنی کارو چالاکی و پرۆژەی باشتر , ئەویش بە پەیڕەو کردن و سوود وەرگرتن لە ڕێبازی بارزانی نەمرو ڕینماییە بە سوودەکانی سەرۆکی هێژامان ( کاك مسعود بارزانی) کە هەمیشە داکۆکی لەسەر سەروەری یاساو بەر قەرار بوونی هێمنی و ئاسایش و ئارامی دەکاتەوە بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی کە ئیمڕۆ وا بوویتە جێگای بڕواو تێڕوانینی هەموو جیهان و دەرووبەر وە ئومێدێکی گەورەی بەدوا ڕۆژێکی نزیکی نەتەوەیمان بە خشیوە .

**بەشی سێیەم:**

**هەنگاوەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە پاراستنی هێمنی و ئاسایشی کۆمەڵ**

بەڕێزان :-

هەروەك دەزانن کە وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لە پێکهاتەگرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گرنگی و ڕۆلێکی بەرچاو دەبینێ لە جێ بەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم بە پێی یاساو بڕیارو ڕینماییەکانی کار دەکات لە پێناو پاراستنی سەروەری یاساو چەسپاندنی سیستەمی گشتی و دابین کردنی هێمنی و ئاسایش و دڵنیایی و متمانەی هاووڵاتیان و پارێزگاری کردن لەسەرو ماڵ و موڵکیان , وە هەروەها کار دەکەین لە پێناو پاراستن و بەردەوامی ئازادیە گشتییەکان و ڕێز گرتن لە بنەما دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەکارهێنانی ڕیگاو شێوازی یاسایی و دیموکراتی و زانستیانە بۆ چارەسەر کردن و کۆنترۆل کردنی گیرو گرفتەکان .

وە ئەو هێمنی و ئارامی و ئاسایشەی کە ئێستا باڵی بەسەر هەرێمەکەماندا کێشاوە تاکو ڕادەیەکی زۆر باش لە ئەنجامی ماندوبوون و شەو نخونی کارمەندانی دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بەدی هاتووە لە پێشکەش کردنی کارە خزمەت گوزاریەکان و جێ بەجێ کردنی ئەرکی سەر شانیان و پەیڕەو کردنی یاساو ڕینماییەکان کە هەست دەکەین بەرەبەرە ئاستی ڕادەی هۆشیاری لەبەرزبوونەوەدایە و ڕێژەی تاوان و سەر پێچیەکانی یاساش بەرەو نزمی و کۆنترۆل بوون دەچێت , وە ئەو هەموو چالاکیانەشمان بە پشتگیری و هیمەتی دڵسۆزانەی برای بەڕیزمان کاك ( نیچیرڤان

بارزانى) سەرۆكى حكومەتى هەرێمى كوردستان كە ڕاستەخۆ هەموو جۆرە پشتگیری و ئاسانكارییەكى مادى و مەعنەوى بۆ وەزارەتمان تەرخان كردووە , ئەویش نیشانەى دڵسۆزى و خەمخۆرى بەڕێزیانە بۆ پاراستنى ئاسایش و بەرقەرار بوونى سیستەمى یاساو ڕێزگرتن لە بنەما دیموكراتییەكان و ئازادیە گشتیەكان و پارێزگارى كردنە لەبەرژەوەندى و سەرو ماڵ و موڵكى هاوولاَتیانى كوردستان .

وە لێرەدا دەمانەوێ ئاشناتان بكەین بەو هەنگاوانەى تاكو ئێستا وەزارەتى ناوخۆ جێ بەجێ كردوون یان لە جێ بەجێ كردندان بەمەبەستى پاراستنى بارى ئەمنى ڕاگرتنى سەروەرى یاساو پارێزگارى كردن لەسەرو ماڵ و گیانى هاوولاَتیان و ڕێزگرتن لەمافە دیموكراتیەكان و ئازادیە گشتیەكان .

1- لە ڕووى مافە دیموكراتیەكان و ئازادى بیروڕا دەربڕین و چالاكى نواندن بە پێى یاساى ژمارە (17) ساڵى/ 1993 , یاساى حزبەكانى هەرێمى كوردستان , وە یاساى كۆمەڵەكان ژمارە (18) ساڵى/ 1993 , یاساى ژمارە (15) ساڵى/ 2001 یاساى ڕێكخراوەكانى ( N.G.O ) لە هەرێمى كوردستان . تاكو ئێستا ( 24) حیزب و ڕێكخراوى سیاسى مۆڵەتى یاساییان پێ دراوە لەگەڵ نزیكەى ( 250) مۆڵەتى دیكە دراوە بە كۆمەڵە و ڕێكخراو و سەندیكاو یەكێتى و بنكەى ڕۆشنبیری و یانە وەرزشیەكان و ... هتد . وە جگە لەپیادە كردنى یاساى چاپەمەنیەكان كە ڕۆژانە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو كتێب دەردەچن وە لە چاپ دەدرێن بەبێ هیچ گیر گرفتێك تەنانەت زۆر جار لەلایەن ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە هێرشى ناڕەواشمان كرایتە سەر وە هەموو ئەو حیزب و ڕێكخراو و كۆمەڵەو دەزگایانەش هەر هەمووى بەشدارن لە ممارەسە كردنى ژیانى ئازادى و دیموكراتى و پێكەوە ژیان بە ئاشتى و ئارامى لە ژێر سێبەرى یاساو داد پەروەرى لە هەرێمى كوردستانى ئازادا .

2- لە ڕووى بارى هێمنى و ئاسایش و ڕاگرتنى سەروەرى یاسا هەوڵمان داوە لە ڕێگاى دەزگاكانى ئاسایشى گشتى هێمنى و ئارامى هاوولاَتیان بپارێزین و ڕێگا نەدەین چ لە دەرەوە یان لە ناوەوە دوژمنانمان هەوڵى گلاَویان بە ئامانج بگەیەنن لە تێكدانى بارو دۆخەكە وە بەڕێوەبەرایەتى ئاسایشى گشتى یەكێكە لەدەزگا هەرە گرنگەكانى حكومەتى هەرێمى كوردستان بە گشتى و وەزارەتى ناوخۆ بەتایبەتى .

پێكهاتەكانى ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە بریتین لە بەڕێوەبەرایەتى ئاسایشى شارەكانى هەولێرو دهۆك و كەركوك سلێمانى و لەسەرجەم قەزاو ناحیەكانیش بنكەى پێویست هەیە . هەست دەكەین ئەرك و ماندوبوونیان گەڵێ زۆرە بەلاَم وەك پێویست

پسپۆڕیان لە بواری کارکردندا نەبینیوە نەیان توانیوە ئامانجەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان بپارێزن .

بۆیە وەزارەتمان لە بەرنامەی کاری داڕێژراوی گەڵێ پڕۆژە و ئەفکاری نوێ هەیە و ئەویش بە هاوکاری و هەماهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرنامەی نوێی کاری ئەو دەزگایەی داڕێژراوەو خەریکە قۆناغ بەقۆناغ جێ بەجێ دەکرێت وە ئەو قۆناغانە تاکو ئێستا جێ بەجێ کراون یان لە جێ بەجێ کردندان .

- **قۆناغەکانی جێ بەجێ کراو :**

أ – دانانی سیستەمێکی گشتی بۆ جیاکردنەوەی ئیش و کارو ئەرکەکانی کارمەندانی ئاسایشی گشتی لە ئیش و کاری پۆلیس بۆ ئەو مەبەستەش کاری باش ئەنجام دراوەکە هەرکێشەیەکی پەوەندی بە لێکۆلینەوەو کێشەکانی پۆلیس هەبێت دەبێت لەئاسایش رەوانەی بنکەکانی پۆلیس بکرێت.

ب - پشت بەستن بەکۆ کردنەوەی بەلگە بەرامبەر هەر زانیاریەك هەبێت وە بەلگەی تەواو بەدەست بکەوێت پێش ئەنجامد انی هەرکارێك لە گرتن یان حجزکردنی ئەوکەسەی گومانی لەسەر هەبێت.

ج – بەپێی بەندەکانی مافی مرۆڤ هەموو ئاسانکاریەك بۆ گیراوان هەیە لەمهاجە وەرگرتن و یان تەوکیل کردنی پارێزەر بۆ بەدواداچوونی قۆناغەکانی کێشەکەیان0

د – رێنمایی پێویست دراوە بەسەر جەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەپۆلیس و ئاسایش0 کەدەبێ ڕەچاوی هەموو بەندەکانی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ بکەن و هەریەکێك سەرپێچی ئەو بنەما گشتیانەی مافی مرۆڤ بکات لێپرسینەوەی ئیداریو یاسای بەرامبەر وەردەگیرێت.

ه - دامەزراندنی لیژنەی قبوولّ کردنی ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ئاسایش دابمەزرێن کە پێویستە ڕەچاوی لێهاتووی و خوێندەواری ڕابردوو زۆر لایەنی تر بەهەند هەڵبگیردرێت .

و - دابین کردنی پێداویستی و دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی بارەگاو باڵەخانەی ئاسایشی ناو شارو شارۆچکە و کۆمەڵگاکان بە پێی پێویست .

س - دابین کردنی ئۆتۆمبیل و کەرستە و ئامێری بێ تەل و پێداویستیەکانی تر .

ك - کردنەوەی چەند خولێکی زانیاری و زانستەکانی فێربوونی پاراستنی ئاسایش و چۆنیەتی ڕەفتار کردن لەگەڵ هاوولاتیان .

ل - کردنەوەی بنکەیەکی بەردەوام بەناوی بنکەی پێشخستنی ئاسایش بۆ ئەوەی بەبەردەوامی کارمەندانی ئاسایش لە ئەفسەرو کارمەندانی تر رابهێنیت بە هەموو زانیاریەکانی نوێی کارەکانیان و سوود وەرگرتن لە زانستەکان بۆ ئەوەی بتوانین بەڕێك و پێکی ئیش و کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنین .

**قۆناغەکانی لەبەر دەست دایە :-**

أ- کردنەوەی بەشەکانی پسپۆڕی لە دەزگاکانی ئاسایش و سەر پەرشتی کردنیان لەلایەن ئەفسەرو دەرەجەداری لێهاتوو وەك :-

- بەشی نەهێشتنی سیخوری.
- نەهێشتنی کاری تەقینەوە و تیرۆرەکان

- بەشــی نەهێشــتنی گەنــدەڵێ ئیــداری لەســەرجەم دەزگاکــانی حکومــەتی هــەرێم و متابەعە کردن .
- بەشی گەندەڵی ئابووری

ب- هەوڵدانی بەردەوام بۆ کەم کردنـەوەی ژمـارەی کارمەنـدانی ئاسـایش و کـارکردن لـە پێناوی دروشمی بابەتی ( نوعی) نەك ژمارەی زۆرو بێ کار و چالاکی .

ج- دابین کردنی ئۆتۆمبیل و ئامێری بێ تەل و هەموو پێداویستیەکانی تری لە بینایە و پێداویستیەکان .

3 – لەروی ئەنجام دانی تاوانەکانی تۆمارکراو لە ماوەی ئەو دوو سالەی رابردوو واتە لە (2000 - 2001) تـاکو ئێسـتا تاوانکـاری روو لەکـەم بوونەوەیـەو بەتایبـەتی تاوانـە ترسناکەکانی وەك کوشتنی بەئەنقەست و دزی گەورە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەل سالأنی پیشوو تر بەرادەی (35٪)(45٪) تاوانەکان کەم تر بووینەوە بۆ نمونە : دەبینن رووداوەکای تەقینەوە لەم دوو ســــالە تەنها(67)رووداوی تەقینەوە بوو وە (15)لـەو رووداوانە پێش تەقینەوەیان پو چەل کـــرایتەوە زیاتر لـە(12)حالـەت دەسـتگیرکراون لەگـەل مـادەی تەقینەوەکـە پـێش دانانـەوەیان لەشـوێنە گشـتیەکان بەمەبەسـتی کـاری تیرۆری,

وە تاكـــو ئێســـتا لـــەئەنجامی (17, 181)حەڤدە هەزارو سەدو هەشتاو یەك تاوانی تۆمار کراو لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك تـوانرا وە زیـاتر لـە (7،700)تاوانبـار دەســتگیربکرێت لەوانــەی فــەرمانی گرتنیــان بــۆ دەکــراوە تــەنها (2500)تۆمــەتبار دەستکیرنەکراون کەئەوانیش زۆر بەیان تاوانەکەیان جنحە یان مخالفـە یـان لـەدەروەی هەرێمی کوردستانن وە ئەوانیش بەدواداچونی یاسایی یان لەدژدا بەردەوامە,

خشتەی سەرجەم تاوانەکانی لەو دو سالەدا ئەنجام دراون

| جۆری تاوانەکان | سالی 2002 | | | سالی 2001 | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاشکرا نەکراو | ئاشکرا کراو | تۆمارکراوی تاوان | ئاشکرا نەکراو | ئاشکرا کراو | تۆمارکراوی تاوان | |
| کوشتن بە ئەنقەست | 35 | 110 | 145 | 20 | 92 | 112 | |
| هەولی کوشتن | 10 | 162 | 172 | 6 | 112 | 118 | |
| کوشتنی بەهەڵە | 0 | 9 | 9 | 0 | 3 | 3 | |
| ڕووداوی هاتوچۆ مردوو | 5 | 140 | 145 | 6 | 107 | 113 | |
| ڕووداوی هاتوچۆ نەمردوو | 96 | 791 | 886 | 73 | 688 | 761 | |
| ئازاردان بە ئەنقەست | 83 | 2010 | 2093 | 48 | 1795 | 1843 | |
| رفاندن | 6 | 73 | 79 | 1 | 40 | 41 | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 271 | 209 | 62 | 331 | 318 | 113 | دزی گەورە |
| | 423 | 329 | 94 | 528 | 388 | 140 | دزی بچوك |
| | 5 | 4 | 1 | 17 | 17 | 0 | هەوڵدان بۆ دزی |
| | 38 | 38 | 0 | 74 | 74 | 0 | اغتصاب الواطة |
| | 8 | 8 | 0 | 8 | 8 | 0 | بەرتیل |
| | 1 | 1 | 0 | 1 | 1 | 0 | اختلاس |
| | 4085 | 3893 | 192 | 4870 | 4699 | 171 | ڕووداوی جۆراوجۆر |
| | 7822 | 7319 | 503 | 9359 | 8600 | 659 | کۆی گشتی |

## 4- کۆلیژی پۆلیس :-

کۆلیژی پۆلیس بە بڕیارێکی تایبەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دامەزراوە لە ساڵی 1997 وە سیستەمێکی تایبەتی بۆ دانراوە بە پێی ئەو بنەمایە کار دەکات .

وە تاکو ئێستا چەندەها خول و دەوراتی ڕۆشنبیری بۆ سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کردۆتەوە وە بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێ بۆ خزمەت گەیاندن و پاراستنی سەروەری یاساو سەرو ماڵ ومولکی هاووڵاتیان و بەرقەرار بوونی هێمنی و ئاسایش و ئەمنیەت.

- لە ساڵێ 1997 خولی یەکەمی ئەفسەرانی باڵا کراوە وە ژمارەی بەشدار بووانی (50) مفەوەزی پۆلیس بوون بۆ ماوەی شەش مانگ کران بە ملازمی پۆلیس وە هەر لە ماوەی ئەو خولەدا خولێکی تایبەت بۆ دەرچووانی کۆلیژی یاساو ماف کرایەوە و بۆ ماوەی شەش مانگ (10) قوتابی وانەی جۆراو جۆریان تێدا خوێندووەو بە پلەی ملازم دەرچوون .
- لە ساڵی 1998 خولی دووەمی کۆلیژی پۆلیس کرایەوە و کە ژمارەی قوتابیانی (65) قوتابی تێدا وەرگیران .
- لەساڵی 2000 خولی ژمارە سێی کۆلیژی پۆلیس کرایەوە و ژمارەی قوتابیانی (60) قوتابی وەرگیران .
- لەسەری ساڵی 2001 خولی ژمارە سێی کۆلیژی پۆلیس کرایەوە و کە ژمارەی قوتابیانی (70) قوتابی وەرگیران .
- لەسەری ساڵی 2002 خولێکی تایبەت بە ئافرەتان کرایەوە بۆ دەرچوانی کۆلیژی یاساو ماف و کارگێڕی و ئابووری و پەروەردە , ئەویش بۆ یەکەم جارە ئافرەتی کورد بەشداری بکات لە خزمەت گەیاندن و بنیات نانی کۆمەلگەیەکی هاوچەرخ ,

كە ڕیز لە یاساو مافەكانی مرۆڤ دەگرێـت بـە بـێ جیـاوازی ڕەگـەزی و ئافرەتـان بـە یەكسانی سەیر دەكرێت لـە هـەموو مـاف و پلـەو ئەركەكانـدا شـان بەشـانی پیـاو بـۆ پاراسـتن و بەرقـەرار بـوونی یاسـاو هێمنـی و ئاسایشـی وولاَتەكـەیان . وە بـۆ ئـەو مەبەستەش بۆ ماوەی شەش مانگ ئەو ( 7) ئافرەتەی وەرگیراون وانەی جۆراو جۆر یان خوێندو و پاشان بە پلەی ملازم دەرچوون لـەم چـەند ڕۆژەی رابـردوو . كـە بـە خولی چەسپاندنی یاسا نـاوەزەد كـراو هیـوادارین ئافرەتـانی كـوردیش بتـوانن شـان بەشانی پیاو بەشدار بن لە پاراستن و سەقامگیری ئاسـایش و ئەمنیـەت لـە هـەرێمی كوردستان . هەروەك لە بوارەكانی تری ژیانیش ڕۆڵی خۆیان بینیوە .

- وە دەربارەی دیاردەی خۆسوتاندنی ئافرەتان . هەرچەندە ئەوە دیاردەیەكی كۆنە و وە لـە هـەموو جیهـان خۆكوشـتن ڕوودەدات بـەلاَم لـەو چـەند سـالَەی دوایـی هەسـت دەكەین لە كوردستان دیاردەكە ڕوو لە زیاد بوونەو كاریگەریشی هەیە لەسەر ژیـانی كۆمەلَگەكەمان و بەتایبەتی خۆسـووتاندنی ئافرەتـانی هـەرزە كـار كـە لـەخوارەوەی تەمەن (18) سالَین .

وە بەمەبەستی زیـاتر دیراسـە كردنـی ئـەو دیـاردە مەترسـیدارە و دۆزینـەوەی ڕێگا چارەی گونجاو دەست نیشان كردنی هۆیەكانی و چۆنیەتی چارەسەر كردنیان , هـەولَمان داوە لەگـەلَ زانكـۆی سـەلاحەددین كۆلیـژەكانی یاسـاو مـاف و بەشـی كۆمەلَناسـی و دەروونزانـی لـە كۆلیـژەكانی تـر سـەنتەرێكی توێژینـەوەی تاوانكـاری و كۆمەلاَیـەتی دابمەزرێنین و لەڕێگای توێژینەوە زانستیەكان هەولَ بدەین چارەسەری كێشەكان بكەین بە تایبەتی دیاردەی خۆسـووتان و كێشـە كۆمەلاَیەتیـەكان و كێشـەكانی پەیوەنـدیان بـە منداڵ و هەرزەكاران هەیە. وە هیوادارین لەگەلَ پسپۆڕو و لێزانـەكانی ئـەو بورانـە كـە لە سەنتەرەكەدا ئەندامن بتوانین ڕێگا چارەی گونجاو بدۆزینـەوە بـۆ چارەسـەر كردنـی كێشـە كۆمەلاَیەتیـەكان كـە ئـەوەش تاڕادەیـەكی زۆر بـاش كاریگـەری دەبێـت لەسـەر سەقامگیری و هێمنی و ئەمنیەتی هاوولاَتیان و سەركەوتنی بەرنامەی كاری حكومەت .

ئەوەی مـاوە باسـی لێـوە بكـەین مەسـەلەی تـیرۆرە كـە بەڕاسـتی لـە دوای ڕووداوی (11)ی ئـەیلولی /2001 هـەموو جیهـان هەلَویسـتیان لەسـەر ئـەو كـارە تیرۆریسـتە وەرگرت و بۆچونێك پەیدا بووە كە شەڕی دژە تیرۆر نابێ ڕابوەستێ تاكو بەیەك جـاری ڕیشە كێش دەكرێت .

وه ئێمەش وەك حكومەتی هەرێمی كوردستان هەمان هەڵوێستمان هەیەو پێشوتریش لەوانەیە بەڕێزتان بیزانن كە میللەتی كورد زیاتر لە هەموو كەسێك ڕووبەڕووی ئەو دیاردە ترسناكە بوویتەوە و زەرەرمان لێ ی پێكەوتوە و هەوڵمان داوە بەهەموو شێوەیەك دژی بوەستین و تیرۆرستان بدەینە دادگاو یاسا .

وە لە ئەولەویاتی كارو بەرنامەی وەزارەتمان نەهێشتنی ئەنجامدانی كاری تیرۆرییە لە هەرێمی كوردستان چونكە كاریگەریەكی ڕاستەوخۆی هەیە لە تێكدانی ئارامی و هێمنی و باری ئاسایشی حكومەت و هاووڵاتیان . وەك لەو دواییەی هەست دەكەین ئەو گروپە توندڕەوە تیرۆرستیانە پەنایان بردۆتە بەر بەكارهێنانی كاری تیرۆری دژ بە هاووڵاتیان لە ئافرەت و منداڵ و شوێنە گشتیەكان بۆ ئەنجامدانی مەرامە گلاوەكانیان . بۆیە بۆ چوونی ئێمە ئەركی نەهێشتنی كاری تیرۆر لەسەر شانی هەموو هاووڵاتیەك و لایەنێكی كۆمەڵایەتی و سیاسیە چونكە ڕاستەوخۆ كار لە ژیانی ڕۆژانەی هەموو یەكێك لە ئێمە دەكات بۆیە پێویستە زیاتر سووڕ بین لەسەر بنبڕ كردنی ئەو دیاردە دزێوە و نەهێلین ببێتە مایەی تێكدانی ئارامی و ئەمنیەتمان .

و لە كۆتاییدا زۆر سوپاسی ئامادە بوونتان دەكەین كە لەو ماوەیەدا لەگەڵمان مانەوە بۆ ووروژاندنی بابەتێكی تایبەت بە ژیانی هەموومان و تایبەت بە بەرەو پێش بردنی ئەزموونەكەمان وە تایبەت بە پاراستن و پارێزگاری كردن لە ئەمنیەت و ئەمنی نەتەوەییمان كە مەسەلەی چارە نووس سازە بەو نیسبەت ئەزموونی دیموكراتی مان .

لەگەڵ ڕێزو احترام بۆ هەممو لایەك.

بەروار 2002/7/23